


ئاوات مەحمود غوڵام

نازانم.... ئەو بەیانییە لە دەنگی بۆقی سەربازگەکان بوو، یان هاوارو سەدای بانگی مزگەوتەکان بوو، یان قاقای پێکەنینی ئەو پیاوە شەهوەت بە خوێنە بوو کە هەرگیز بۆم لەیاد نەدەکرا، یان چکەچکی ئەو شەمەندەفەرە بوو کە نەدەبوو نەهاتایە، نازانم ئێستاش نازانم ئەو بەیانییە کاتژمێر چەند بوو؟

ڕەنگە تا ئەبەد ئەو بەیانییە نەیەتەوە یادم. هێشتا لەسەر چرپاکەم ڕاکشابووم. دڵنیا نەبووم لەوەی بەئاگاهاتووم یان لە درێژەی بینینی ئەو خەوەدا بووم، کە ساڵانێکی زۆرە ئەندێشەم ئاوسە پێی، بەڵام ئەو بەیانییە لە کۆتایی خەونێکی ترسناکا بووم، کە لە خەوما چرپاکەم بووبووە تابووتێك، کوژەکەیەکی شینی پیا هەڵواسرابوو.

خەونی ئەو بەیانییە درێژەی هەمان خەون بوو کە باپیرەم بۆ باوکمی گێڕابۆوە.

کاتێك کە ڕوانیمە ئەو چرا دیوارکۆیەی بەرامبەرم، چاوم کەوتە ژێر نووسراوێك (مەراقی جەستە لە پاڵتۆیەکی کۆنیندا).

گڕی چراکەش شەپۆلی دەدا، تا دەهات شەپۆلی ڕووناکی چراکە خێراتر دەبوو. کە دیمەنی ئەو ژوورە لە نێوان شەپۆلی تاریکی و ڕووناکیدا بە شەرگەیەك دەچوو، کە دواجار دیمەنی ژوورەکە ڕەنگێکی خۆڵەمێشیی لەخۆگرت. چاوو گلێنەی چاوم هەموو دیمەنی ئەو ژوورەی بەلێڵی دەپاڵاوت. لەگەڵ لێڵبوونی چاوم ڕوانیمە پەنجەرەکە کە تیشکی چراکە بە ناویدا پەخش دەبوو، کە بە دیمەنی بەردەم پەنجەرەکە بە وێنەی ئەو شەپۆلە ئاوییانەی بیابان دەچوو کە وەك تراویلکە (سەراب) دێنە پێش چاو، بەڵام ئەوەی کە تا ئەوکات نەمدەزانی ئەوە بوو ئەو وێنەو شەپۆلانە خەیاڵ و ئەندێشە دروستی دەکات یان لەناو دنیای بەئاگابووندا دەخولقێن.

پاشان وردە وردە لەناو شەپۆلی تراویلکەکەدا تارماییەك بەدەرکەوت. لەگەڵ نزیکبوونەوەیدا پیاوێك بوو کە زیاد لە سێبەرێکی هەبوو، پاشان لەسەر کورسییەك دانیشت. ڕووخساری ئەو پیاوە بە ڕووخساری کۆرپەیەکی پێنج مانگی لەبارچوو دەچوو، پاشان هاتە سەر گێڕانەوەی ئەو چیرۆکەی کە پێش هاتنی بۆ ئەم ژوورە بینیویێتی، کە دوورگەیەك لەو دیوو سنورەکانی تراویلکەوە پەتاو ڕشانەوەیەکی کوشندە ئەو دوورگەیەی قڕکردووە.

دواتر وێنەیەکی دامێ.

کە ڕوانیمە وێنەکە کەللەسەرێك بوو. کەللەسەری چەتەی دەریا (قەراصنە) لەژێر وێنەکەشدا نوسرابوو (لە کۆچێکی بەردەوامدانین بەسەر پشتی حوشترەکانەوە کە مژدەی گەیشتنە سەر مانگیان داوینەتێ) وێنەکەی لە دەست سەندمو بەناو هەمان شەپۆلدا، بەڵام بێ ئەوەی هیچ سێبەرێکی هەبێت ژوورەکەی بەجێ هێشت. چرکە چرکی کاتژمێری دیوارەکە ڕایچڵەکاندم. لەسەر چرپاکە هەستام تا خۆم بگەێنمە ئەو ڕۆژژمێرەی کە لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا هەڵواسرابوو، تا پێشوازی لە سەرەتای مانگێکی نوێ بکەم. پێش گەیشتنم بە ڕۆژژمێرەکە دەرگای ژوورەکە کرایەوەو پیاوی ناو وێنەکە پێی وتم:

ئیتر بۆت نییە نزیك ئەو ڕۆژژمێرە کەویت. تەنها ئیشی تۆ لەم ژوورەدا ئەوەیە نەهێڵیت ئەو تەرمە مۆمیا کراوە بۆگەن بکات. پاشان بە ڕاپۆرتێك ئاگادارمان بکەیت لە هۆی مردنەکەی. نامەیەکی دایە دەستمو دەرگاکەی زۆر بە توندی داخست.

تا ئەو کات ئاگادار نەبووم تەرمێکی مۆمیاکراو لە ژوورەکەدا هەیە.

پاشان کاغەزی ناو نامەکەم دەرهێنا (بە زووترین کات بگە نهۆمی ژمارە سفر)

ژمارەی تەلەفونی نهێنی دوای خوێندنەوەی نامەکە هەر چوارلای دیواری ژوورەکە بوو بە پریشکی خوێن.

لە هەر لا دیوارێکیش خاڵێکی ڕەش بەدەرکەوت. کە پێ دەچێت جێگای ئەو گوللانە بێت کە هەموو نهێنییەکی لەگەڵ خۆیدا بردبێت.

شۆڕاوگەی خوێن تەنها لەو کونانەوە دەهاتە دەرێ.

پانتایی ژوورەکە شەڵاڵی دەهات لە خوێندا.

وردە وردە پلەی گەرمیی ژوورەکە لە بەرزبوونەوەدا بوو، بۆنی هەوای ژوورەکە بۆنی نانی کەڕووی لێ دەهات، بۆنێك کە دواجار قەتماغەی بەو خوێنە کرد، کە ڕەنگی بە دەشتێکی ڕەشداگەڕاو دەچوو گەرماو بۆنی ژوورەکە تەواو هەراسانیان کردم.

بە خێرایی خۆم گەیاندە تەرمە مۆمیاکراوەکە، لەسەر ئەو کورسییە دانیشتم کە مێزێکی چەکمەجەداری هەبوو.

چەکمەجەکەم ڕاکێشا، دەیان تابلۆو پۆستکارتی بچوك بچوکی تێدا بوو. دەمانچەیەکیش کە تا ئەو کات لولەکەی گەرم بوو.

پاشان پەتووی سەر تەرمەکەم لادا، بینیم هەزاران قالۆنچەی ڕەش ڕێچکەیان گرتووە. بە حەوت کونی ڕووخساریدا دەچوونە ناو. لە بەینی هەردوو ڕانیدا دێنەدەرێ، کە پاشان ون دەبوون لەناو قەتماغەی ئەو خوێنە وشکبووەوەدا.

دوای بینینی ئەو قالۆنچە ڕەشانە، سەر کورسیی یەکەمم بەجێهێشت تا خۆم بگەیەنمە پرسگەی ئوتێلەکە.

له ناوەندی ئەو ڕێگایەشدا دەرگایەك هەبوو کە قەد بیرم لە کردنەوەی نەدەکردەوە. دوای گەیشتنم بۆ پرسگەکە.

سەیر بوو ئەو کات کەس لەوێ نەبوو ژوورەکان چۆڵ و هۆڵ.

پێدەچوو ئەم ئوتێلە زەمەنێك بەر لە ئێستا چۆڵکرابێت. تەنها کەسێك کە ئاگادار نییە منم. منێك بوومەتە میراتگری ئەو تەرمە مۆمیاکراوە. لەناو ئەو بێدەنگییە کپو کوشندەیەدا، تەنها دەنگێك کە دەهات دەنگی کاتژمێرەکە بوو، دەنگێك هەر وەك ئەو تنۆکە ئاوانەی کە لەناو ئەشکەوتەکان دێت

(کە لە توانای بلیمەتترین مۆزیکژەندا نییە بیانکاتە ئاواز)

بۆ یەکەمین جار چوومە پشتی ئەو مێزەوە کە کورسییەکی لێبوو، بە دەنگێکی بەرز هاوارم کرد (داخۆ خاوەنی ئەم ئوتێلە دەبێت کێ بێت؟)

هاوارەکەم زیاد لە چەند جارێك سەدای دایەوە، لەگەڵ کزبوونی جار لە دوای جاری هاوارەکەم دەرگایەك لە پشتمەوە کرایەوە، زۆر بە خێراییش داخرا.

لەگەڵ ئاوڕدانەوەم پیاوێك وەستابوو کە ڕووخساری بە منداڵێکی (8) هەشت مانگیی لەبارچوو دەچوو (بگە نهۆمی ژمارە سفر)

پاشان بەناو ئەو پەنجەرەیەدا چووە دەرێ کە دەیڕوانی بەسەر شەقامەکەدا.

دوای بینینی ئەو پیاوە ترسێك لە ناخمدا بەیاد کەوتەوە، کە ساڵانێك بەر لە ئێستا کە منداڵبووم لە شەوێکی پاییزدا لە خەونمدا ئەو هەزاران ( تەیرەن عەبابیلەیە)م بینیبوو کە بە دەنوکیان ئەو کەللەسەرانەیان هەڵگرتبوو. کە دواجار بێ ماندووبوون گەیاندبوویانە ناو خۆر، بۆ دەرکردنی ئەو ترسەش نەنکم بە ڕەحمەت بێت قورقوشمی بەسەردا تواندبوومەوە کە دواجار وێنەیەك دەرچوو بوو ترسابوو بە دایکم بڵێت.

بەڵام ئەوەی کە تا ئەو کات نەمدەزانی ئەوە بوو داخۆ نهۆمی ژمارە سفر لە کوێدایە.

سەر کورسییەکەم بەجێهێشت، لەو پەنجەرەی دەیڕوانییە سەر شەقامەکە. تەرمێك بەسەر شانی چوار کەسەوە لە مەراسیمێکی بێدەنگدا بەڕێدەکرا. هەنگاوەکانیان بە هەنگاوی پشیلەیەکی سەرخۆشکراو دەچوو کە هەر چوار لای دەکرد، لەگەڵ بەردەوامیی مەراسیمەکە دەنگی شەمەندەفەرەکە تا دەهات نزیکتر دەبۆوە.

دوای ونبوونی تەرمەکە وردە وردە ڕووناکیی خۆر لە زیادبووندابوو. ئەو ڕاستە شەقامە تادەهات سپی دەبوو. ئیدی هەموو شتێك سپی هەڵگەڕا. تا ئەو کەسانەی بەسەر شەقامەکەدا هاتووچۆیان دەکرد بێ ئەوەی بەر یەك بکەون بەناو یەکدا دەڕۆیشتن. باڵندەکان بەناو ئەو باڵەخانە قورینانەدا کۆترەکان بەناو منارەی مزگەوتەکاندا، هەموو شتێك سنووری ڕەنگی خۆی لەدەست دا تەنها دەنگێك کە دەهات دەنگی شەمەندەفەرەکە بوو.

جارێکیتر چکە چکی ئەو کاتژمێرە قسەی ئەو پیاوەی بە بیرهێنامەوە. بە خێرایی گەڕامەوە بۆ ژووری تەرمەکە. بەو ڕێگا نهێنییەدا سەرکەوتم کە گەیشتمە ئەو دەرگایەی کە قەد بیرم لە کردنەوەی نەدەکردەوە...

بەڵام ڕووناکیی شەقامەکە هێندە کاریگەریی لەسەر چاوم جێهێشتبوو، کە پێویستم بە تاریکییەکی چڕ دەکرد. لەگەڵ نزیکبوونەوەم لە دەرگاکە چەند ژمارەیەك لەسەر یەك نووسرابوو. پێدەچوو کۆدی کردنەوەی ئەو دەرگایەش بێت. کاریگەریی ڕووناکیی شەقامەکە توانای بینینی ئەو ژمارانەی بۆ ئاسان کردبووم

(0332011)

(1303210)

(0330410)

بە کردنەوەی دەرگاکە تاریکییەکی قووڵ ڕایکێشام بۆ ڕاڕەوێکی شێدار، کە پێدەچوو تا ئێستا ئەو دەرگایە نەکرابێتەوە. لەگەڵ داخستنی دەرگاکە چاوم بەو نووسینە کەوت.

(کردنەوەی ئەم دەرگایە یان ڕەزای خودای لەسەرە یان ڕەزای خۆت)

لەگەڵ دوورکەوتنەوەم لە دەرگاکە ڕووناکیی گڕی ئەو شاپڵیتانە بە دەرکەوتن کە ئەو ڕاڕەوەیان ڕووناك دەکردەوە. ئەو ڕاڕەوە بە ڕاڕەوی مۆزەخانەیەك دەچوو کە چەندین تابلۆی تیا هەڵواسرابوو. نزیك بوونەوەم

له تابلۆی یەکەم.

(پرچی ئەو ژنانە بەدەرکەوتن کە دەستەکانیان بەرزکردبۆوە رووەو گڵۆپێکی شکاو) دەیان قالۆنچەی ڕەشیش بە جەستەیاندا هەڵزنابوون دوو چاوی زەقیش دەبریسکانەوە. دەیانڕوانییە ئەو جەستە ڕووتانە لەژێر تابلۆکەدا نووسرابوو:

(بێزار بووین لە سەماکردن لەگەڵ خاوەنی ئەو پشیلە قەترانییانەی کە تۆبەیان کردبوو، قالۆنچەکانی حەزیان بەرنەدەنە جەستەمان)

دیمەنی تابلۆیەکی تر

(پانتایی تابلۆکە وێنەی ئەو سەدان کەللەی سەروو رووخسارانە بوو کە بە مرۆڤەکانی پێش مێژوو دەچوون) لەژێر تابلۆکەدا نووسرا بوو (با مزگەوتێك بکرێتەماڵی شێتەکان)

لەگەڵ درێژیی ڕاڕەوەکە دووکەڵی شاپڵیتەکان تا دەهات تابلۆکان تەڵختر دەبینران.

دیمەنی تابلۆیەکی تر

( ڕاستەشەقامێك کە درەختەکانی بێ گەڵا بوون *1( دار تێلەکان) ئەو باڵندانەیان بەسەرەوە هەڵکورمابوون کە بە بەهێزترین باڵندەی ئاسمان ناسرابوون)

لەبن درەختەکاندا ئەو منداڵە پاڵکەوتووانە دەبینران کە کەفێکی سپی بە*2 (لالخەوەیەندا) دەبریسکایەوە دوو وێنەی بچووك لە گۆشەی تابلۆکاندا کەوردتر ڕوانیم وێنەی *3 (حسن بن الهیسم) و (جامعە المصتنسریە) بوو نووسراوی ژێر تابلۆکە (کەمێك سۆدەی گەدە لەدەم دەنێن، پاشان دەبینە نەخۆشێك کە پەرکەممان لەگەڵدایە)

دیمەنی تابلۆیەکی تر.

(وێنەی ئەو کچە پرچ ماش و برنجییە بوو، کە زەق زەق دەیڕوانییە ئەو کەسەی لەبەردەم تابلۆکەدا بووەستایە، لە پشتەوە مێزێك نامەیەکی لەسەر دانرابوو. هەرچوار لای دیوارەکە دەرگاکانی لەسەر پشت بوون. لەژێر تابلۆکەدا نووسرابوو:

(چیدی چاوەڕێ مەکە کەس لێرە نییە)

دوا تابلۆی دەستی ئەمبەری ڕاڕەوی مۆزەخانەکە گۆڕی بێ کێلو پەتی سێدارەو تاشەبەردی گەورەو سەدان تفەنگی ژەنگگرتوو، کۆتایی ئەو ڕاڕەوە دەچووە سەر پێپلیکانەیەك، بەر لەوەی بچمە خوارێ دەنگی ریکۆردەرێك دەهات *4(باپیرانمان خەمیان دەخوارد، بەڵام ئێمە خەم دەمانخوات. خەم سوور ئەبێت، خەم خوێنە سەراپا دەمانشوات)

ئیدی فریای زیاتر گوێگرتن نەکەوتم.

هێزێکی خۆنەویست پەلکێشی کردم بەو پلیکانانەدا بردمی. بە درێژایی ئەو ماوەیە بۆنی ڕشانەوە، چاوو لوتمی دەکزاندەوە. سەرم کێشڵەی دەدا بەدەم وەنەوزو ڕشانەوەوە بۆ کەمێك لەهۆش خۆم چووم.

لەگەڵ بەئاگاهاتنەوەم هەزاران جەنگاوەر لە پێشمدا بەدەرکەوتن، کە جلوبەرگەکانیان بە هی هەنوکە نەدەچوون، جۆرەها چەکی کۆنیان بە دەست و ئێخەو بەرۆکدا دابوو (تەور، شمشێر، ڕم، خەنجەر، نێزە) لە ناویاندا وێنەی ئەو کەللە سەرە، کە بە چەتەی دەریا دەچوو.

کەوتە قسەکردن

(تۆی ئەو کەسەی مووی سپی لە ئەژنۆت هاتووە، بڕیاری مردنی خۆت نادەی، ئێوە قارچکی*5 (سەر سەلوێنکەن )..

ئێرە ژێرزەمینی ژمارە سفرە، کە بە درێژایی ساڵ بۆنی نانی کەڕوو و خوێنی لێدێت.

هێندەی خێرایی لێدانی شاورێك (فیکە) لە دەرگایەکی بچووکی بازنەییدا پیاوێك بەدەرکەوت کە قاتێکی لەبەردابوو لایەکی سپی و لایەکەی تری ڕەش بوو بۆقێکیشی لە ملدا بوو.

پاشان کەوتە قسە کردن:

(ئەو کاتەی شەهوەت و ئارەزووەکانم دەگەنە کەشکەلانی فەلەك، پاشان دەچمە کن بەچکە حۆرییەك، تەنها لەو کاتەدا.. ئا لەو کاتەدا ئارەزووی بەردانی کۆترە سپییە وەهمییەکان دەکەم، ئەو کاتەی پشکۆی حەزەکانم وەك قورقوشمێکی تواوە، دوا دڵۆپی دەرژمە دەڤەری ڕەحم و مۆختانەوە. دوای شەکەتبوون ئیدی پەشیمانم لە بەردانی کۆترە وەهمییەکان، ئیدی پەشیمانم لە بەردانی کۆترە وەهمییەکان. ئیدی..... ئیدی......

لەگەڵ قاقای پێکەنینی. ئەو کەللەسەرە کەوتە لێدانی بۆقەکەی، قاقای پێکەنین و دەنگی بۆقەکە تێکەڵ دەبوون تا دەهات دەنگەکە زیاتر دەبوو (با)یەك هەڵی دەکرد کە وردە وردە تەپوتۆزی ئەو ناوەی لەخۆی دەئاڵاند. تا دەنگی بۆقوو قاقای پێکەنینەکە خێراتر دەبوو ڕەشەباکەش ئەو جەنگاوەرانەی لوول دەدا، خێرایی زریانەکە لە دەرگا بازنەییەوە وەك مەکینەی قیمە ڕاپێچی دەکردن، دووکەڵی ڕەشی شا پڵیتەی رارەوەکەش تێکەڵی ئەو گەردەلوولە دەبوو، کە لە شێوەی مزراحێك سەرێکی لەناو هەورێکی ڕەشداو سەرێکی لەناو ئەو تابووتەدا بوو، کە کوژەکەیەکی شینی پێوە کرابوو، لەگەڵ هێواش بوونەوەی گەردەلوولەکە، چاوم کردەوە دەشتێکی ڕەشداگەراو، خۆر بە سووری لە ئاوابووندا بوو. هەورێکی ڕەش و تاریك، بەفرێك لەسەرخۆ دەبارییە سەر ئەو دەشتە ڕەشداگەراوە، لەگەڵ بەردەوامی بەفرەکە، شەپۆلێکی سوور لەبەر پێمدا کەڤی دەدا، دەنگی شەمەندەفەرەکە تا دەهات نزیك دەبۆوە.

پاش گەیشتنی دوو پیاو دابەزین لە فارغۆنەکان. یەکێکیان عەمامەیەکی بەسەر شانیدا دابوو، ئەوی تریان بەرگێکی سەربازیی پۆشیبوو، پێش سەرخستنی تابووتەکە، کوژەکە شینەکەیان بە ئێخەمدا هەڵواسی بۆ سەرخستنی تابووتەکەش بۆ فارغۆنی دوای دواوە.

دوو تارمایی دابەزین کە بە تارمایی مرۆڤ نەدەچوو تابووتەکەیان خستە ناو فارغۆنەکە.

شەمەندەفەرەکە وردە وردە دەکەوێتە ڕێ، بەناو ئەو زوولمەتەی شەودا کە دەچێتە سەر نەفەقێك لە ژێر ئوتێلە سێ نهۆمییەکەدا.

لەگەڵ دوورکەوتنەوەی شەمەنەفەرەکە وەك چرایەك دێتە پێش چاو، دووکەڵێکی سپی تێکەڵ بە تاریکیی شەو دەکات، لەگەڵ دوورکەوتنەوەی لەناو نەفەقەکەدا.

وەك چرایەك دەکەوێتە پرتە پرت. پرتە پرتی چراکە وردە وردە
نوقمی تاریکییەکی لەسەرخۆ دەبێت.........

..........................................

1.عەمودی کارەبا.

2.بەینی روومەتو چەناگە کەتێك کە کەف یان زەرداوێك..... لەدەمی مروڤ دێتەدەر.

3.وێنەی ناو جۆرە دراوێکە کە ئێستا مامەڵەی پێ ناکرێت، وەك دە دیناریو تاك دیناری کاغەزی سویسری.

4.ئاماژەیە بۆ گۆرانییەکی (کاروان عوسمان)

5.بەو شوێنە دەوترێت کە پاشەڕۆی ئاژەڵ و خاشاکی لێفرێدەدرێت، کە شوێنێکی چەپەك بێت.